# پرۆشەی هەستی مرۆیی لە سەمفۆنیاکانی بێتهۆڤن دا

دەبێ و دەبێ کام نووسین _ کام دەربڕین _ کامە پەڕە موچی بوێر بتوانێت رۆبچێتە ناو قووڵایی دەریای بێ بن و ناخی ئەو شەپۆلانەی کە شەپۆل ئەدەن لە شەپۆلداو کە بارانن لە ناو باراندا و کە کیلگەن لە سەوزبووندا کە بوونن لە ناو بووندا. کە هەمیشە پرسیار و گومان و رەخنەن لەسەرجەم دیاردەکانی بوون، کە هەردەم دژن لە ناو دژەکاندا کە لە بۆتەی نامۆ بوونی مرۆڤ چەندان زنجیر دەشکێنن و سنوورەکان دەڕمێنن و بەرەو راستی ژیان هەنگاو دەنێن. ئەوە چ بێت کە نغرۆ ببێت لە قووڵایی دەریای داهێنانی بلیمەتێك لە داهێنەرانی مێژووی لێك دانەبڕاوی نەوەکانی مرۆڤایەتی. کە بە ئاوێتە بوون لەگەڵ دیاردەکانی ژیان مێژوویان بونیاد ناوەو لە رەوڕەوەی خۆی بەردەوامە.

هەبێ و نەبێ.... لە ئێمە نزیك تا دوور.. لەکەم تا زۆر– لە رەش تا سپی لە رەگەزی مێ یە تا نێر.. لە هەموو چین و توێژ و تەمەنەکان گەر تەنها بۆ ساتە وەختێکیش بووبێت گوێ رایەڵی پرشە و وورشەیی هەڵچون و داچونی پێشەکی و سۆناتە و سەمفۆنیاکانی کەڵە داهێنەر و بلیمەتێکی وەك (لۆدڤیج ڤان بیتهۆڤن) Ludwing van Beathoven نەبووبێت؟!! هێندەی جێگای تێڕامانە.. تا چ رادەیەك ئەم هونەرمەندە هەستی خۆی لە بۆتەی ژیان و ئازار و خەمەکانیدا چۆن ئاوێتەی کارە هۆنەریەکانی کردووە و رەنگی داوەتەوە. ئەویش بەشی کردنەوەی راڤەی هرز و خەیاڵ...

پەیوەست بوونێکی واقعیانە بە دیالێکتێکی ژیان و دەورووبەرو سەردەم.

بیتهۆڤن کە لە ساڵی 1770 لە شاری (بۆن) لە کەنار رووباری راین لە خانەوادەیەك کە لە بنەڕەتدا لە (ئەنتۆرب)ی بەلجیکی یەوە هاتبون لەدایك بووە.

باوکی گۆرانی بێژبوو لە کڵێسای شاردا و پیاوێکی کەم تەرخەم بوو بێ هوودە دەیڕوانییە ژیان و کەسەر (مەی خواردن) خۆی راهێنابوو.

توندڕەو بەرامبەر جگەر گۆشەکەی کە خولیای منداڵەکەی لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا بەکاردەهێنا بەوەی کە بە تۆپزی را پێچی فێربوونی مۆسیقای دەکرد.
ئەمەش لە دوایی دا بە لایەنی چاکە شکایەوە لای (لوڤیچ) خۆ هەر منداڵێکی دی بوایە هەر زوو مۆسیقای فەرامۆش دەکرد.
هەر چی باوکی بوو دەیویست بە زوویی وەك (مۆتزارت)ی منالی لیٚ بیێت چونکە زۆر سەرنج راکێش بوو لای. بەڵام نەیدەزانی کە خونچەی رەسەن بە زووی ناکرێتەوە، چونکە هێزی داهێنەرانەی بتهۆڤن لەو جۆرە دمریا بیٚ بنانە بوو کە بە ئاسانی نەدەچووینە ناو قووڵایی یەو یاقوتە دەگمەنە کانیتەنە دەدۆزی یەوە!!!!..
کاتێك باوکی شەوانە لە خەڵوەتی بارەکان دەگەڕایەوە بە هاودەنگی هاوڕێکەی کە هەمان کاتیش مامۆستای کوڕەکەی بوو بەناوی (تۆبیاس). لە خەویان رادەکردوو خەوەکەیان دەزڕاند بە زۆرە ملیٚ لەسەر ئامێری پیانۆ مەشقیان پیٚ دەکرد. پاش وەنەوزێکیش بەرەو خوێندنگای سەرەتایی بەڕیٚ دەکەوت.
بەرەنگی زەرد و لێوبەبار و جەستەیەکی تێك شکاوەوە... جل و بەرگێکی شێواوە وە خۆی دەکرد بە وانەکانی خوێندن دا.... نووسین بە خەتێکی جوان فێربوو.. هەروەها زمانی فەڕەنسی و لاتینی بەڵام زمانی دایك کە ئەڵمانییە بە ئاسانی وشەکانی بۆ ئەزبەر نەدەکرد لە بیرکاریشدا تا بڵێی کۆڵ بوو هەر بەم شێوەیەش مایەوە تا کۆتایی ژیانی کە برازاکەی منداڵێکی بچووك بوو هەمیشە یارمەتی دەری بوو بۆ کۆکردنەوەی سادەترین ژمارە. بە پێچەوانەوە دایکی سۆزێکی زۆری دابوویە کاتێك لە ساڵی 1787 کە هەواڵی مەرگی زانی لە ڤێنا بوو یەکسەر گەڕایەوە (بۆن) ئەو داڵدەی سۆزەی لە دەست دا کە بە درێژایی ژیانی ئەو خەمەی بە کۆڵەوە بوو.
ئەم... لە یانزە ساڵیدا چووە ناو جیهانە ئەفسووناویەکەی مۆسیقاوە... ببوە تانی گیانی....خولیای هەستی ... هەرچی دەیکرد نەیدەتوانی لەگەڵ ژیانی ئاسایی دا وەك کۆمەڵ بژی هەرچەند توانای بلیمەتانەی دا هەبوو کە چەندەها زانیاری و زانست دەستەمۆ بکات بەڵام ئەم گیانی زاڵ دەکات بەسەر مادییەکانی ژیاندا (ریس)ی هاوڕێی بەم شێوە باسی

ئەم لایەنی ژیانی دەکات.(شل و شێواو... جێی بەزەیی ... خاو و خلیچك لە هەڵسووکەوت ... کەم جار هەبوو کە شتێك نەگرێت بە دەستییەوە و نەیشکێنێت رۆژانە شووشە مەرەکەبی دەڕژاند تەنانەت پەنجەکانیشی لەسەر ئامێری پیانۆکە بە گونجاوی نەدەجولاً) ژیانی هێندەی خەم و ئازار بوو هێندە ئاسوودە نەبوو. هێندە باوەشی نەمری کردەوە. هێندەش ساتەوەختەکانی تەمەنی تلانەوە بوو بە خەونەکانەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا... خاوەن خۆڕاگرییەکی پۆلاین کە نەمری خۆی لە وێرانەی نوشستی و دارمانەکانی بونیاد دەنایەوە کاتێك کە گوێی گران بوو کە خۆشەویسترین هەستی بوو 138 شاکاری بەرهەم هێنابوو. کە نەمری سەرکەوتنی گیانی پڕ دڵەڕاوکێی خۆی بەرجستە دەکرد لە جەستە و گیانێکی خەمۆك دا بەم وشانە لە یەکێك لە یاداشتەکانی دا دەست پێدەکات ( تا دەتوانیت خاوەن چاکە بە. ئازادی مرۆڤ بەهاترین خۆشەویستیە.... بوێر بە و راستیەکانی بڵێ گەر تەختی پاشایەتیشی لەدەست بدەیت) لە ساڵی 1792 بۆ جارێکی دی گەڕایەوە ڤینا ئەم جارەیان بە گوڕێکی ترەوە ئەویش بە چوونە ناو دنیای گشتی مۆسیقاوە و برەو دان بە توانا و خولیای هونەری لەسەر دەستی مامۆستای کلاسیزم (هایدن)ی مەزن ئەم بۆ ماوەی یەك ساڵ خوێندکاری بوو بەلأم هەستی بە ئاسوودەیی نەدەکرد ئەویش لەلای خۆیەوە نەیدەزانی چۆن وڵامی پرسیارەکانی ئەم بداتەوە کە هەمیشە ئەم پرسیارانەی دەکرد چۆن؟ بۆچی؟

ئەوساو ئێستاش وا باوە کە چینە بالأدەست و ئۆرستکراتیەکان خۆیان بە شایەنی پیاهەڵدان و ستایش کردن دەزانن بەرامبەر : برە یارمەتییەك کە مافی رەوای خۆیانە بگرە پتریش .. بەلأم ئەم بە پێچەوانەوە هەرگیز کڕنوشی بۆ نەدەبردن و خۆی لەوان شایستە تر دەزانی چۆنکە ئەم نەمر بوو لە دەربڕینی ئازارەکانی مرۆڤ ئەوانیش بە ستەم و زۆرداری.. چونکە سەرەتای ئازارەکانی کردبوویە خۆڕاگرێکی بەهێز و بەسۆز و شۆڕشگێر ... ئەم هێزەش لەم یاداشتەدا بەدی دەکرێت کە دەڵێ

(ئەمە هێزی لاوییە... بەڵی ئەمێستاش هەست بە خوێنی شادەمارەکانی گیانم دەکەم، هەر رۆژێك لە تەمەنم گوزەر بکات و لاپەڕەیەك هەڵبدرێتەوە... دەمبینن کە لە ئاوات و ئامانجەکانم نزیك دەبمەوە وەك ئەوەی بە چاوانم ببینم و لە بیرم دا دەچەسپێت ئەوە منم

کە دەست بەسەر گەرووی قەدەر و نەھامەتیەکاندا دەگرم و هەرگیز لە ووزە و تینم کەم ناکاتەوە). ئەم وشانەی کاتێك دووپات دەکردەوە کە لە کارێکی هونەری... نەهامەتی ژیان ... یان لە خۆشەویستیەك شکستی بهێنایە... یان بەرامبەر رەخنەگەرانی کە لە وڵامدا دەیگوت (گوتەی رووت ئەمریٚ وەدی ناهێنێت).

هەمیشە و هەمیشە مەلەکانی دڵی بەرامبەر خۆشەویستی بۆ شۆخەکان لەگۆدا بوو هەرچەندە دەیویست لەگەڵیاندا سەقامگیر بێت بەڵام کە ئەو شۆخانەی خۆشی دەویستن لە چینێکی باڵاتر بوون لە خۆی بۆیە سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا.

بەڵام جۆش و خرۆشی ئەم گیانی زیندووی بۆ خۆشەویستی جێی تێرامان بوو کاتێك لە ساڵی 1827 کۆچی کرد لە یەکێك لە بنمیچەکانی ژوورەکەیدا نامەیەك دۆزرایەوە کە سۆزی خۆشەویستی دەردەبڕێت (ناتوانم زۆر بە درێژی بۆت بنووسم _ بمبوورە _ ئەمە چەند وشەیەکە بە پێنووسەکەی خۆت. تەنانەت ناتوانم تا سبەی جێگایەك بۆ خۆم بدۆزمەوە تا سبەی. ئای لەم کاتە چۆن دەڕوات. خۆشەویستی وادەکات کە هەوڵ دەیت بۆ ئامانجەکانت. چ بکەین گەر مەحاڵە بۆ یەکتر بین بۆ خۆشەویستی هەموو کارێك پێویستە ئەمەش هەستی هەردووکمانە .. دەبیٚ ئەوە لەبیر بکەیت کە دەبیٚ بۆ یەکدی بین ئای... خۆزگە ئەو پەیوەندییە گیانیەمان دەگەشتە رازەکانی... ئەو کاتانە چۆکمان بە چارەنووس دادەدا).

هەرچی ئازادی خوازی ئەمیش بوو کردبوویە شۆڕشگێر .. لەو کاتەدا شۆڕشی فەرەنسای کردبووە نموونەی ئازادی مرۆڤ بۆیە کاتێك (نابلیۆن) بووە رزگار کەری فەرەنسا سەمفۆنیای سێهەمی بە ناوی (پاڵەوان EROICA ) دانا.

ئاواتی چەسپاندنی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا لە برایی و دادپەروەری و ئازادی هەموو گەلان بگرێتەوە.

بەڵام کاتێك نابلیۆن خۆی کردە ئیمپراتووری فەرەنسا هیوا بڕاو بوو... تەنانەت باوەڕی نەدەکرد تا لەو رۆژنامەدا کاتێك لەگەڵ (ریس)ی هاوڕێی دا بوو لەو کاتەدا ئاوازەکەی گرت بە دەستەوە و بەرگەکەی دراند و کردیە ژێر پێی و وتی (بۆناپارت لەوانی دی چاتر نییە ئەویش مرۆڤە سبەینیٚ مافی گەلەکەی پێشێل دەکات) لەوکاتەدا ریس دەیویست لە ژێر پێی دا

**دەری بهێنێت.. ((وازبێنیٚ با پێشێلی بکەم چونکە ئەو ئاواتەکانی منی پێشێل کرد)) بۆیە دەبێت مرۆڤایەتی بە رێز و ستایشەوە شاکارەکانی _ هەستی مرۆیی _ خۆڕاگری و بە ئەمەکی ئازارەکانی و سۆزی خۆشەویستی لە یاد نەکات.**

## تایبەت مەندێتی شێوازی بیتهۆڤن:

**بیتهۆڤن دەروازەیەکی فراوانی والاٚ کرد بۆ کارە مۆسیقاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە بواری داڕشتنی کارەکاندا. بە بەکار هێنانی بەهێزی و نەرمی و جوانکاری لە دەربڕینی دەنگی تاك و کۆمەڵدا، وە رێگای بە بەرنامە کردنی کارەکان و دانراوەکان بە شێوەیەك کە بتوانێت لە رووداو و ناوەرۆك بدوێت. لە لایەکی دی پەرەپێدانی قوتابخانەی کلاسیك بە تایبەت مامۆستاکانی هایدێن و مۆزارت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەند بەشێك بسڕێتەوە و چەندێکی دی بخاتە سەر شێوازە کۆنەکان هەروەها مانای کورت کردنەوە و درێژکردن و چڕ بوونەوە و جیٚ گۆڕکیٚ. بۆیە ئەم سەربەستی دەربڕینە نەبوایە لە مۆسیقادا کە ئەم هێنایە ئاراوە هەرگیز مۆسیقا بۆ خۆی نەدەگەیشتە کەنارەکانی دڵنیا بوون و گەشە سەندن. شێوەی مۆسیقاش تەنها رێگا باوەکان ناگرێتەوە بۆ نووسینەوەی سۆناتە و کۆنشێرتۆ سەمفۆنیاکان. بەڵکوو چۆنیەتی نووسینەوەی دانراوەکان لە وردترین خانەی مۆسیقاوە کە یەك بەدوای یەکدا هاتنی نۆتەیەکی بچووکە تا دەگاتە یەکانگیر بوونەوەی ئەم خانانە بۆ ئەوەی جەستەیەکی مۆسیقاییمان بۆ بێتە بەرهەم کە خاوەن تایبەت مەندیــی خۆی بێت.**

**دەربارەی ئەم شێوازانە دەیگوت (نازانم و نازانم چۆن روونی بکەمەوە یان دایڕێژم کە چۆن و لە کویٚ ئەم بیرۆکانەم بۆ دیٚ بەلاٚم بەوە کۆتایی دەهێنا (بیرۆکەکانم دێن بە بیٚ هیچ بانگەوازێك بە شێوەیەکی خۆڕسك لە هەر جێگایەك لە ئامێزی سرووشت یان کاتی گەڕان _ شەوێکی بیٚ دەنگ یان کاتی کازیوەی بەیان) بەردەوامە و دەڵیٚ (ئەو بیرۆکانە دەتەقنەوە بە پێی بیرکردنەوە خۆی و دەست دەکات بە نووسینەوەی تێبینیەکانی هەر ئەم رەشنووسانەشە کە دەبنە کاری مۆسیقایی و دەیانخاتە ژێر یاسا و رێساکانی دانراوەکان و داهێنانی خۆی و هەستی جوانکاری ئاوێتە دەکات).**

کارەکانی ئەم خاوەنی ناوەرۆك و تایبەتمەندی و خۆیەتی لە کار تێکردنی بۆ شارستانیەت و بەها جوانەکان. ئەویش بە تویژینەوەی کارە بەرهەم هێنراوەکان... بۆ نموونە... هێمای لە شکسپیر_ گوتە وەردەگرێت. بۆ خۆشی دنیایەکی فراوان لە سۆز و مێهر و... تامەزرۆ... لە لایەکی دی خەم و ئازار بە واتایەکی دی لە ئامێزدا کۆمیدیا و تراجیدیای حەشار دابوو. کە لە دڵەڕاوکێ دایە نێوان خەڵوەتێکی قووڵ و هیوایەکی پڕ خەندە. ساکاری و توانای بەهێز کە پێویستە بەم جیهانەوە و بەرەوە باڵاش مل دەنێ.

بۆ جارێك هەستی بلیمەتانەی دەربڕین لە لایەکی دیش چی لە راستیەکاندا هەیە پەی پێ دەبات. بەڵکوو پێشتریش لەمانە لە شاکارەکانی دا هەست پێ دەکرێت.

## هەندێ لە رەخنەگرانیش کارەکانی دەکەن بە سێ قۆناغەوە:

### یەکەم/

لەم کارانەی دا پێویستە بە هونەرمەندانی پێش خۆی وەك مۆزارت هایدێن کە لە سەمفۆنیای یەکەم _ دووهەم_ کۆنشیرتۆی یەکەمی پیانۆ ... بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم ساتانەی رەنگدانەوەی هەستی ئالوودەی بوو کە لە شێوازێکی کلاسیکی دەری دەبڕی بە دیوارێکی نەخشکراو نەخشێنراو بوو کە هەر لە نەخش و نیگاری هایدێن و موزارت دا خۆی دەبینییەوە.

### دووهەم/

دەربازبوونێکی بە ئاگا لە پێشینینەکانی خۆی و چەسپاندنی تایبەت مەندێتی خۆی بەڵام نەك دابڕانێکی یەکجارەکی لە دانراوەکانی ئەم سەردەمەی سەمفۆنیای سێهەم _ چوارەم _ پێنجەم _ شەشەم لە سەمفۆنیای سێهەم دا بە ئاگا و خۆی لە کەلتوری باو دەرباز دەکات. مامەڵەش لەگەڵ دەنگە هارمۆنیەکانی دا رەنگ و بۆیەکی ئاشکرای ئەو سەردەمەی پێوە دیار بوو سەردەمی شۆڕش و بونیادن. ئاشکراشە هەموو بیرێکی نوێ دیاردەیەکی تازەگەری جێگای سەرسووڕمان و رەخنە و پرسیارە؟ یەکێکیان دەڵێت بەڕاستی سەمفۆنیای سێهەم دانراوێکە پڕ مانای داهێنەرانە، ئەمەش کەمترین چاوەڕوانیە لە بلیمەتەکان _ ئەم سێهەم نۆتەیەکی

شێوازی دووهەمی مۆسیقای بیتهۆڤینە بەڵکوو خاڵی وەرچەرخاندنە، لە رادەی بیرکردنەوەی باوی گوێبیستان.

بۆ ئەوەی رێچکەیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە. تەنانەت یەکێك لە ناوادرترین کەمانچە ژەنی ئەو دەمانە (شۆپانتزیغ) کاتێك کە چوارینەی حەوتەمی لە پەیژەی (FA) دەژەنێ بە پێکەنینەوە دەتریقایەوە کە چەند رێکخستەیەکی دەنگی دەهاتە رێ کە هەرگیز لەوە پێش بەدی نەکردبوو.

سێهەم/

لەم قۆناغەدا یەکجاری دەرباز و رەها بوو لە هەموو کۆت و بەندێکی کلاسیك کە بلیمەتی خۆی دەهاویشتە ناو جیهانە تایبەتیەکەی خۆی کە وێنەی لە سەمفۆنیای نۆیەم و چەند کارێکی وەك (القداس الحافل) کە سەمفۆنیای نۆیەمی بە (سروودی خۆشنووس) کۆتایی پێ دەهێنێت لە شیعری شیلر. کە گەیشتە ئەو پەڕی توانای داهێنان کە لە توانانی داهێنانی مرۆڤ دا بێت تا ئەوەی بتوانێت لە رادە بەدەر بێت!!! ئالەم کاتە ناسکەدا گوێی زیاتر گرانتر دەبوو و بەرەو نەبیستنی تەواو دەچەوو و دەیگوت ( واپاییزی تەمەن بەرێ دەکەم بەرووبوومەوە و بە بەرهەمەکانی بارگرانم _ بە بچووکترین و کەمترین لەرینەوە _ وەك رۆبارێکی بەخوڕ پەرەکانم دەکەونە خوارەوە و پەل و پۆ دەگرن) بۆیە دەوترێ سەمفۆنیای نۆهەمی رۆبارێکی بەخوڕی بەرهەمی ناوازەیە.

## بەرەو جیهانە تایبەتییەکەی چەند سەمفۆنیایەکی بیتهۆڤن:

### سەمفۆنیای سێهەم (symphony Erioca (NO3

لەم سەمفۆنیایەدا بیتهۆڤن لە شێوازی دانەرە کلاسیکیەکان دەرچوو هەمیشە بیستی بە دەنگە نوێکانی سەردەم ئاشکرا دەکرد سەردەمی شۆڕش و ئازادی مرۆڤ. هەروەك لە کارەکانی دا دیارە بیستن لەو نەریتە باوە ئازاد دەکات و دەیانخاتە جێی رامان و رەخنە.

ئەم... ئەفراندنی خۆی لە بۆتەی بیری خۆی دا دەهاویشتە ناو هەرزی داهێنانەکانیەوە ئەگەر بارمتەکەشی گران بووایە کە ئەویش دەبووە سەمەرەی رەخنە گران بەلاٌم ئەم هەموو کارێکی دەکرد بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی و بیر و بۆچوونەکانی خۆی.

## جوولەی یەکەم (خێرا Allegr Conbiro)

درێژترین جوولەی ئەم سەمفۆنیایە یەکەمجار لە شێوازی سۆناتەدا خۆی دەنوێنێت _ کە پێش هەموو شتێك مۆسیقایە و مۆسیقا ڤیولونستیلەکان (چەلۆ) دەست بەم جوولەیە دەکەن و پاشان ڤیولۆنەکان لە تاریکیەکی کپ دا. کە ئیلهام لە ئاوازی سەرەکی وەردەگرن. ئیدی مۆسیقا بەرفراوان دەبیٚ بەرەو پێگەیشتنێکی گۆارنی ئامێز تا گۆرانی بەسەردا دێت و دەبێتە هێمنیەیەکی بیٚ دەنگ و بیٚ چرپە. کە ئازاری قوولی حەشار داوە ... بەردەوامە لە بەرز بوونەوە و هەژاندن تا ئامێرە بووقیەکان ئاوازی سەرەکی لە ڤیۆلۆنەکان دەدزن.... کە گوێگر دەخاتە ناو خەونێکی فراوان و بەرین هەروەك ئەوەی بیەوێت نەخشە بۆ دنیایەکی جوانتر بۆ مرۆ وەدی بێت و پاشان بانگەشەی دنیای پر شکۆ دەکات.

لە جوولەی کۆتادا بە هاوارێکی تاساوەوە .... بە تاك پاشان ئامێرە مسیەکان بە هەرەوەزی چەلۆکان لە یەك بەدوای یەکدا هاتنێکی هارمۆنی خۆی دەنوێنێت تا لێدانەکانی لە جیهانا تاییەتیەکەی بیتهۆڤن ئیلهام وەردەگرێت و هێدی هێدی ئازارەکان خامۆش دەبن.

## جوولەی دووهەم مارشی ماتەمMarica Funebre

لەم ماتەمەدا هونەرمەند سلاٌو دەنێرێت بۆ گیان ئەو جەنگاوەرانەی کە لە مەیدانی جەنگ دا گیانیان لەدەست دا _ کاتێك پاڵەوان بەرەوە گڵکۆی بەرِیٚ دەخرێت و دڵی ئەوانەی کە بەشدارن لەو مەراسمەدا پرِخەم دەکات.

ئاوازەکە بەردەوام دەبێت تا ماڵئاویی لە گیانیان دەکات و ئامێرە بۆقیەکان ئەم ماڵئاوییە جیٚ بەجیٚ دەکەن. هاوکات ڤیۆلۆنەکان و ئامێرە فوودارەکان تەدارەکەی خەم بەرجەستە دەکەن بە فرمێسکەوە ئازارەکانی بیتهۆڤین بە توانایی و بیٚ توانایی دەردەبرِن جارجارەش لە نێوانیاندا کۆتەی تیمپانی دێت. وەك نرکەی ئەو شۆرِشەی کە مرۆڤ خەوی پیٚ دەبێت چەندان

ساڵە دەیەوێت لەو نامۆ بوونە سەرفەراز بێت. ئازاری بلیمەتی خۆی لە دووتۆی خەمەکانیدا لە مەلاس بوون دەر دەکات و تروسکەی هیوا لە هێزی ئۆرکسترا دا بەرجەستە دەکات ئامێرەکان پێکرا دەژەنن و بانگەواز دەکەن بە تاییەت ئامێری ترامپێت و تیمپانەکان ئەم تەدارەکە ساز دەکەن. راستیە تاڵەکانیش لە تاریکی دا گوزەر دەکەن و کەژاوەی ماتەم بۆ جەنگاوەران دەگێڕن _ دەگرین _ دەکرۆزێنەوە ئەم تەدارەکەش بە دەنگی کۆنتر یاسەکان کۆتایی پێ دەهێنرێت و مرۆڤ لە بێداری هۆشیار دەکاتەوە و سەری رێز و نەوازش بۆ پاڵەوانە ئەفسووناویەکان دا ئەنوێنن. ئیدی هێور دەبێتەوە لە فەزایەکی نادیاردا خۆی لە چاوان ون دەکات.

## جووڵەی سێهەم (خێرا و بەگوڕ و تین

## Scherzo: Allegro Vivace

لەم جووڵەیەدا لە کۆت و بەندی باو خۆی مەرەخەس دەکات و دجەربازدەبێت بەوەی کە جووڵەیەکی سەمائامێز (السکریزۆ) دەگەیەنێتە ئاستی ئەفراندن بە چەند ئاوازێکی خەندە بەخشی رەوان و بە ئامێرەی ژێدارەکان و رێگا خۆش دەکات بۆ ئۆرکسترا و رەشبەڵەکی تووڕەیی و هەژاندن تا ترامپێتەکان سەرچۆپیەکەی بگرن. خۆ رێڕەوەی ئەم هەژاندنەش ناوەستێت ئیدی پێکرا ژێدارەکان ئاوازی سەرەکی سەرهەڵئەداتەوە و هێدی لە یەك گونجاندنێکی هارمۆنی دا ئازارەکان دەسڕێتەوە.

ئالەو ساتانەدا هەست ختوکە دەدرێت و بەرەو ئاسمان شاباڵ دەگرێ هێند ناخایەنێ _ کوتە و زرمەی دەهۆڵەکان بە هەرەوەزی مسدارەکان مژدەی سەرکەوتن دێنن _ لە پڕ _ بێدەنگی _ پاش کەمێك ئاوازی رەوان دەبێتە میوان و بە پشتیوانی مسدارەکان رەشبینی و دەردەنێن و هیوایەکی نادیار هێندەی نادیاری چارەنووس _ ئۆرکسترا بەردەوام دەبێت و هەموو ئامێرەکان تێکرا ئاوێزان دەبن و پرۆشەی هەستی مرۆڤ بەرەو ئاسوودەیی دەبەن.

## جووڵەی چوارەم زۆر خێرا ALLEGRO MOLTO

لە چەند زرمەیەکی زۆر خێرا دا هەموو ئامێرەکان _ لە ئازارەکانی (پرۆمتیۆس) کە بێ کۆتایە _ (پێشتر بیتهۆڤن پێشەکیەکی بۆ داستانی پرۆمتیۆس دانابوو_ کە لە خەمەکانیدا

هەموو خەمی مرۆڤی لە کۆڵ ناوە) لە هێمنییەکی لەسەر خۆدا و قووڵ بەڵام بە خێرایی بۆ ماتەمی مرۆڤایەتی لە جووڵەی دووهەم دا تا دەگاتە ئەو کاتەی کە خەریکە کۆتایی بێت ڤیۆلۆنەکان وڵام دەدەنەوە بە دەنگێکی پڕ حەسرەتەوە هێدی هێدی بەرزدەبێتەوە و هەڵدەکشێ بەرەو ئاسۆ مل دەنێ. لەو شوێنەی کە ئاواتی مەزن سەماگەر _ خەندە بەخش_ بانگەوازی ئاسوودەی رادەگەیەنێت _ کە جەور و ستەمی زۆرداران ناتوانێت ببێتە بەربەست چونکە هیچ خەمێك ئەبەدی نییە...!!

(لە سەمفونیای پێنجەم دا قەدەر لە دەروازەکان دەدات)

پێشەکی ئەم سەمفونیایە لە ناوەزەترین و قەشەنگترین کاری مۆسیقای دادەنرێت هەرچەندە لە دوو دەنگی (SOL-MI) تێپەڕ ناکات. بەڵام لە هۆشدا سەقامگیر دەبێ و لە بیردا یادگاری جێ دێڵێت. جگە لە ئاوازێکی دی کە لەسەر جووڵەی یەکەم یان چنراوە. کە ئیلهامی ئەم ئاوازەی لە دەنگی باڵەندەیەك کاتێك لە دارستانەکانی ڤیەنا دەهات و دەچوو وەرگرتووە.

کاتێك (شندلێر) هاوڕێی پرسیاری لێ کرد دەربارەی وتی ( بەمشێوەیە قەدەر لە دەروازەی ژیان دەدات). لەم کارەدا لە رێچکە کۆنەکان دەرباز دەبێت لە جیاتی MINUTE ئاوازی SCHERZO دەخاتە جێی کە لە دوو تۆی دا باری ناهەمواری دەروونی خۆی بەرجستە دەکات بۆ ئەوەی چارەسەرێك لە هێزی قەدەر وەربگرێت و بیخاتە گەڕ.

فەیلەسووفێکی وەك نیتشە بەمشێوەیە دەربارەی دەڵێ ( ئەم سەمفونیایە هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی لە ئامێز دەگرێت).

## جووڵەی یەکەم ( خێرا و بە گورجی)

## ALLEGRO CONBERIO

هەرچی جووڵەی یەکەیە بە سێ کۆتە (چربە)ی کورتی پێشەکی و پاشان چوارەم کوتەی درێژ قەدرە دەهەژێنێت. هێدی هێدی گەشە دەسەنێت و هەموو جەستەی سەمفونیاکان دەگرێتەوە پاش ئامێز گرتنەوەی کورت لە لایەن کلارنێتەکانەوە. پاشان ژێدارەکان لە هەمئاهەنگی

لەتەك فوودارەکان دەکەونە راڤەکردن پاشان کەمێك ئورکسترا دێتە ناوەوە جار جارەش بوار بە (ئۆپوا) دەدەن و ژێدارەکان ئەرك دەگرنە ئەستۆ.

ململمانێی نێوان خود و بابەت (الژات و الموچوع) هەمیشە مانایەك بووە نێوان بەرەنگاری و مل کەچ بوون. ئەو دەیزانی ئەم دوو توخمە حەقیقەتی ژیانی تێدایە و ململمانێی نێوانیان وەك دژمانای نوێیە دەبەخشێ بە ژیان هەر ئەمانەشن کە پرسیارەکان دەخولقێنن لەو دیارانەی کە نادیارن و لەو نادیارانەی کە دیارن هەر یەکەو بە پەردەیەك خۆی پۆشیوە کە لە دیوەکەی دی راستی ماناکانیان هەن. لە پێکهاتەیەکی ئالۆز بەرامبەر بوون بە هەردوو لایەنییەوە.

کاتێك بیتهۆڤن گوێ گرانیەکەی بەرەو کەڕ بوونی تەواوی دەبرد دەیویست لە ڕێگای ئەم جووڵەوە هەستی خۆی بەرامبەر زلهێزی قەدەر دەبڕێت. کە هەمیشە نفرەتی دەکرد. چونکە هەمیشە قەدەرە کە بوونەوەرەکانی لە بچووکترین ڕووداوەوە بەروە گەورەترین هەڵدێر و گلاندن دەبات. لەم بۆچوونە و تێگەیشتنەوە جوانترین جووڵەی ئاوازەی لە دەنگدا مۆسیقاییەکان چنی و رست کە بە تەواوی گوێ بیستی خۆی بۆ ناگیرێت.

کە هەرچیەکی تێدایە دژیەکەو بەرامبەرکێ یەکی درامی لە دەروون دا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتا... تەنانەت ئەو کاتە کورتەی کە ئۆبۆانەغجەکان دەدزێ. هەر هەموو ئەمانە دژ بە قەدەرێکی بێ ئەمەك کە دوژمنی بوونەوەرەکانیەتی بۆیە کاردانەوەی سۆزەکانی تەریب بوو لبە تێگەیشتنەکانی).

## جووڵەی دووهەم (کەمێك هێمن ANADAN TE SONMOTO) :

ئاوازێکی گۆرانی ئامێزی درێژ و بە نۆرە لە نێوان ڤیۆلا و چەلۆدا. بە جۆرایەتی کردن بە دەنگەکان کە ئازارەکانی بەرامبەر قەدەر نیشان دەدات. جووڵەکە دابەش دەبێت بە سەر دوو ئاوازدا کە لە چوار لایەن دا چەق دەبەستن لە جوانکاری جێگۆڕکێ دا. کە ئامێرە فوودارەکان رۆڵی دەبینن. پاشان دووبارە بوونەوەیەکی نزمی لە ئاوازی سەرەکی لە لایەن کلارنیتەوە. بۆ دەمێکی دی ئۆرکسترا گوژم دەبەستێتەوە بە ئاوازێکی مارشی کە دەیەوێت هەموو ئاوازەکان کۆکاتەوە و ئەم جووڵەیەش بە بەشی کۆتایی ئاوازە سەرەکیەکە کۆتایی دێ.

## جووڵەی سێهەم (خێرا و بەگوژم ALLEGRO)

جوانترین (سكریزۆ) بەكە بێتهۆڤن داینا. چونكە لەم شێوەیە ئاوازی پوخت و كورت نموونەیی درووست كرد. وە لە شێوەیەكی زیندوودا نیشانی دەدا. كە لە قووڵاییەكی نادیارەوە لە لایەن چەلۆ و كۆنترباسەوە هەڵدەهێنجرێت. بە ئاوازی دی وڵام دەدرێتەوە لە لایەن ڤیۆلۆنەكانەوە بە دووبارە كردنەوەی ئاوازی قەدەر كە رێگا خۆش دەكات بۆ هاتنە ناوەوەی ئاوازی سەرەكی. پاشان سەركەوتنێكی تیژرەو كە (ڤیۆلاو باسۆن) ئاوازەكە وەردەگرن و دەیدەنە دەست ڤیۆلۆنەكان و (ئۆبوا) و رێگا خۆشكردنێك بۆ سكریزۆ. بەڵام لە شێوەی پرسیار كردن و وڵام دانەوەدا. كە بە چەند تووله رێگایەكمان دەبات تا دەگەینە دەنگی تیمپانیەكان و لە هەمان كاتدا ژێدارەكان بە نەرمی رێگا خۆش دەكەن بۆ جووڵەی چوارەم _ بە هێمایەك كە لە تاریكی دەرچوون بەرەو رووناكی لە هێمنی و بێ دەنگی دا دۆش دادەمێنن. بەڵام مۆسیقا لە جۆش دایە بە ئاسوودەیی و لە خرۆش دایە بە وتنەوەی ئاوازی یەكەم بۆ ئەوەی مژدەی سەركەوتن بە ژێی كەمان و كوتەی تیمپانیاكان رابگەیەنێت.

دەڵێن لە كاتی ئامادە بوونی كچی گۆرانیبێژ لاما لیبوان بۆ ئەم سەمفۆنیایە (كۆنسرفتواری پاریس) پێشكەش دەكرا لە هۆش خۆی چوو هێندە جۆش و خرۆشی دەروونی ئاوێزان كردبوو. هەروەها ئەفسەرێكی خانەنشین لەبەر نابلیۆن هەستایە سەرپێی بە دەنگی بەرز هاواری دەكرد (ئەو ئیمپراتووره _ من سوێند دەخۆم كە ئەو ئیمپراتووره) كە مەبەستی بیتهۆڤن بوو.

## جووڵەی چوارەم: زۆر خێرا ALLEGRO

لە سەرەتای جووڵەدا مۆسیقا گوژم دێنێ بەڵام نەك بە ئاوازی سەرەكی كە هەموو ئامێرەكانی مۆسیقا بە رەزمی مارش دەیژەنن پاش كەمێك ئاوازێك دی لە ئاوازی سەركەوتن ئامێرە فوودارەكان تا مۆسیقا دەگاتە ئەوپەڕی جوانی ئیتر ئاوازی هێمن بە ژێدار و فوودارەكان لە دەربڕینێكی نایاب گیانی شانازی _ كە هەموو ئاوازەكان دەكاتەوە و پێكەوەی گرێ دەدات و گوێ دەگرین لە ئاوازی قەدەر كە لە جووڵەی سێهەم دا بە چاومان كەوت. بەڵام بە خێرایی كە هێمایە بۆ سەركەوتنی مرۆڤ بەسەر نەهامەتیەكان دا كە خۆی بەرجەستە دەكات لە

کەسایەتی هونەرمەند کە هەمیشە و هەمیشە بە گژ ئازارەکانیا دەچێتەوە زاڵ بوون بەسەری دا بەوەی کە بە بلیمەتی خۆی شاکارەکانی بۆ هەتایە نەمردن.

پەیوەستی مرۆڤ بە سرووشتەوە لە سەمفۆنیای شەشەمی دا:

کاتێك ئەم سەمفۆنیای شەشەمی بە ناوی _(سەمفۆنیای لادێ) ناو دەبرد هەر خۆشی ناونیشانی بۆ دادەنا کە ئیلهام وەرگر بوو لە هەڵچوون و داچوونی بەرامبەر سرووشت و بوون. دەیزانی کە هەر سرووشت نامۆبوونەکانی کەم دەکردەوە و لەتەکی دا ئاوێزان دەبوو دوور لە هەموو دیاردەکانی شارستانیەت بە بەخشینی گیانی خۆی بە سرووشت و بە تایبەت لادێی نەمساوی کە بە جوانی ناوی دەرکردووە کاتێك لە ژێر سێبەری درختەکان _ خورەی ئاوی _ دەنگی بولبولەکان _ شاد دەبوو. ئەمەش پێشگۆیْ گران بوونی بە تەواوی . بۆیە رستەی ساکار لە وێنە و تابلۆی هونەری دا دارشت بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە هەستی پەنگ خواردووی دەربرێت لە هەموو پابەندیەکانی سەمفۆنیای باو دەرچوو کە پێش خۆی یاسای بۆ دانرابوو بەوەی کە سەمفۆنیای کردە پێنج جووڵە کە پێش خۆی کەس نەیکردبوو.

## جووڵەی یەکەم (خێرا و بێ زێدەڕۆیی ALLEGRO MANON TROPPO

خۆی ئەم ناونیشانەی بۆ داناوە (هەست کردن بە شادی کاتی گەیشنە لادێ) کە دەیویست گوێگر بە راستەوخۆ تێبگەیەنێت و سەربەستی بداتە لە وێنا کردنی بۆ تابلۆکان چونکە خۆی دەیوت سەربەستی دەدەم بە گوێگر باخۆی وێنەکان شی بکاتەوە بە ئارەزوی خۆی.

یەکەم جووڵە وەك بانۆرامایەك دەکرێتەوە کە وێنەکانی سرووشت وێنەی بەهاری لادێمان بۆ بەرجستە دەکات کە جووتیاران لە مەزرا کاندا پەرش بوونەتەوە کە هونەرمەند جوانکاریەکانی خۆی بۆ ئەفراندووە.

کەوا هەست دەکەی لە کۆندێکی رێك و پێکی خنجیلەی جوانی ئەورووپایت. کە سەوزایی هەموو سرووشت و دەورووبەری دا پۆشیوە.

### ئەم جووڵەیە لە دوو ئاوازی سەرەکی پێك دێ:

**یەکەم:**

**هەموو ئۆرکسترا لە دوو تۆیی ئاوازێك دایە کە هێزی و هێمنی تێدا بەرجستە دەبێت کە ئەم ئاوازە بنەمایەکە بۆ کانیاوی هەڵقولاندن.**

**دووەم:**

**بە پێچەوانەی یەکەم کە کەمانچەکان پاش ئەمان چەلۆ (بایۆ _ کلارنێت _ فلوت) دواتر ئاوازەکان بە یەکدا دەچن و دەمانباتە سەر بەشی یەکەمی جووڵە.**

**لە کۆتایی دا هەموو کەمانەکان و فلوت بە هاواری ئۆرکسترا جووڵەکە دەچێتەوە دۆخی یەکەم و بەرەو دونیای بەهار و سرووشت و شادیمان دەباتەوە.**

## جووڵەی دووهەم: لەسەرخۆ بە شێوەی سۆناتا

## ANDAN TE MOLTO MOSSO

**ئەم تابلۆیە بە ناوی (وێنەیەك لەسەر کانی) ناو دەبات. کە هێماکانی هونەرمەندانە دەردەبڕێت. کاتێك ژێدارەکان هێدی هێدی نزیکمان دەخەنەوە لەسەر چاوەی کانیاو. وادەزانین لەسەر چیمەنێکی سەوز راکێشاوین و چاومان بڕیوەتە رەوە هەورێکی سپی کە کۆ دەبنەوە و دەپۆکێنەوە لە ئاسۆدا. لەو دەمانەش خورەی ئاوی کانی کە لە بنیا دەلەرزێ مرواری زیخ و چەو. دێتە گوێمان و لەسەر درەختیش دەنگی بولبولی خۆش ئاواز دێتە گوێ کە ئامێرە فوودارەکان دەیچڕن هەموو ئەمانە بە دەربڕینێکی سەمفونی تۆکمە بێ ئەوەی هیچ لە دونیای رۆمانسیەت کەم کاتەوە.**

## جووڵەی سێهەم (خێرا ALLEGRO )

**پێ دەچێت گەنجینەی یادەکانی بێتهۆڤن لە ناو گوندەکان هەرگیز ووشکایی نەیەت پێك گەیشتنی دۆست و یاران لەم سرووشتە دڵرفێنە ئیلهام بەخشی ئەم جووڵەیەن کە لە شێوەی (ئاڵسکرتسۆ) ئامادەی کردووە. بۆیە بە ئاوازی فەنتازیەکانی کە وەك شێوەی کاریکاتێر وایە لە وێنەدا هاتووە. یادگارەکانی دەچێتەوە رۆژێکی بەهار لە لادێ کە لە ناوچەی (مۆدلێنك) نزیك ڤینا رێکەوتی تیپێکی مۆسیقایەکی گەرۆکی کرد. ئەوەی بۆی کرا چەند سەمایەکی بۆ**

نووسینەوە بە پێی ئاست و توانای خۆیان چوونکە هەندێکیان بۆ ماوەیەك واز لە ژەنین دێنێ بۆ ئەوەی پێکێ درووست بکات یان لە گەڵ هاوڕێ کەی بەدوی ئەم وێنانە کە کاتە پچر پچر بوونی ئاوازەکان هەستی پێ دەکەین.

**جووڵەی چوارەم (خێرا ALLEGRO – رەشەبا : )**

کتووپڕ دەچینەوە ناو هەڵکردنی بارەشێك کاتێ جووتیاران لەو پەڕی خۆشی دان دەژەنن _ سەما دەکەن _ گۆرانی دەڵێن _ کاتێك رەشەبا هەڵدەکات و ئامێری (پیکلۆ) شاوری هەورە بروسکە لێدەدات و ئامێرە ژێدارەکان گرمەی هەورەکە بەرجستە دەکەن _ فووی بۆقیەکانیش لەگەڵ کوتەی پنمتاتیەکان هێندەی تر جۆش بە رەشەباکە دەدەن پاش کەمێك هێمنی باڵ دەکێشێ بەسەردا و هێما بۆ جووڵەی پێنجەم دەکەن.

**جووڵەی پێنجەم (خێراییەکەی مامناوەندی ALLEGERTTO**

رەشەباکە خامۆش دەبێت _ هێور دەبێتەوە _ هەور بروسکە دەرەوێتەوە لەو کاتەدا هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی دەکرێت.... لەوکاتەدا شوانکاران دەپارێنەوە کە ئامێری کلارنێت بەرجستە دەکات کە زاڵە بەسەر ئەم جووڵەدا تیشکی رۆژ لە هەورەکان سەر دەردێنێ کە هێدی دەرەوێنەوە و بەرەو نادیار دەچن و سرودی شوانەکان هەڵیدەچێ... تا کۆتایی سەمفۆنیاکە.

**سەمفۆنیای حەوتەم (سەمای پیرۆز)**

مۆسیقا ژەنی ئەڵمانی فاگنەر بەم شێوەیە باسی ئەم کارە دەکات (ئەو _ واتە بیتهۆڤن _ سەمای گەیاندۆتە ئاستی خواوەندەکان) . مۆسیقای جیهانیش ناوی نەمری داوە بەم کارە. ئەوەی گوێی لەم سەمفۆنیایە دەبێت را دەمێنێت لە توانای بلیمەتانەی ئەم هونەرمەندە خۆی بە کەم دەزانێت بەرامبەر ئەم ئەفراندنە پڕ بەهایە هەرچەندە داهێنانەکانی کڕنوش پێ دەبات لە هەمان کاتدا چەندا پرسیاری لا درووست دەکات بەرامبەر ئەو توانایەی کە لە پشت ئەم ئەفراندنە نادیار و قووڵە و دەوەستێت.

سەمفۆنیای حەوتەمی بە خۆشەویسترین سەمفۆنیای دادەنرێت لای خۆی کە لە کاتی گوێ گرانی دا بەرجستەی دەکرد. ئەو دەنگدانەوەی ئەم سەمفۆنیایە لای گوێگر درووستی دەکات لە

ئەنجامی پانتاییە قووڵەکانیەوە کە دابەشکردنی ئۆرکستراییی دەهێنێە ئاراوە کە چەند وێنەیەکی نموونەی لە جووڵەکاندا بەرجستە دەبن ئامێرەکان دووبارە و چەند بارە دەبنەوە.
پاشان هێمنی میوان دەبێت لە جووڵەی دووهەمیشدا هەروەك دەستێك هاتبێت ئەو هێمنییەی شڵەقاندبێت ئامێرە ژێدارەکان لە قەراردا بە رەزمێکی یەکگرتوو جووڵەکە دەردەخەن هێدی هێدی هەست بە ون بوونی خۆت لە ئاوازەکان دەکەیت ـ بێ ئاگا ـ هەروەك ئەوەی هەرچی جوانی دەوری بوونی داوە هەمووی رەشەبا فڕاندوویەتی و وادەزانیت هەرچی سەوزە گیا هەیە هەموو سووتاوە. کە گوێگر دەخاتە ناو جیهانی نەمانی کەسایەتی خۆی و لە بۆتەی ئاوازێکی نادیار دا دەگاتە حاڵەتی گریان ـ رەزمە بێ وێنەکان ی هەموو هێزێکت لێ زەوت دەکات کە بێهودانە سەیری هەموو بوون دەکەیت. تەنانەت هەست بە شتە مادیەکان ون دەبێ بە یەك هەستە وە سەرقاڵە ئەویش ماتییەکی شاراوە کە لە منداڵی دا نەشەوەیەکی نامۆی تێدایە.
پاشان ئاوازەکان هەڵدەکشێن وەك ئەوەی بیتهۆڤن بەزەیی بە گوێگر دا بێتەوە بۆ ئەوەی دەستەوەستان نەوەستێت بۆ ئەوەی ئازارەکانی بلیمەتانەی بخاتە گڕ و پاکی بکاتەوە لە گوناهەکانی کە مژدەی بەیانێکی روونی پێ دەبەخشێت. وە خۆی ئامادە دەکات بۆ جووڵەی سێهەم کە خێراییی مۆرکێکی ئاسوودەیی پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی لەو تەنگاوەی جووڵەی دووهەم دا ئاسوودەی دەکات.
تەنانەت رەخنە گران بە جوانی ئەم گۆڕینە سەرمەستن کە کارێکی ئاوازەیە لە دونیای ئاوازا. گونجاندن نێوان دوو ئاوازی دژەیەکی پێچەوانە یەکێك کوتەی ئازار ئەوی دی نەشئە بەخش و شادی ئامێز. گوێگر شاگەشکە دەکات هەروەها گەڕانەوەی کوتەی دەهۆڵەکان کە ئامێزی جووڵەی یەکەم ببوو لە جیهانی سەمفۆنی دا یەکدەگرنەوە و بۆ ئەوەی لە رەزمێکی ئاساییدا تێکەڵ بە جووڵەی چوارەم بێت و کە هەڵچوونی ژەنین و لێدانە یەك دوای یەکەکان کە زیاتر گورجك بڕ دەبن کە بیتهۆڤن دەیویست یەکێك لە جەژنەکانی (باخۆس) بەرجستە بکات کە خوای ـ مەی و نەشئە مرۆییەکانە وەك ئەوەی بڵێت (من با خۆم کە مەی بە تام و دەگووشم بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی خەڵوەتی عەشقی خودای پەخش بکەم) رۆمان رۆلان دەڵێت لە جووڵەی چواردا رەسەنایەتی بیتهۆڤن دەردەکەوێت کە زمانی ئاخاوتنیەتی کە هەرگیز نە شازە بە دونیای

یاسا و دەسەڵات و ملکەچ بوونی کوێر. ئەمەیە بە فێرۆدانێکی شێتانەی تواناکانی مرۆڤە بێهوودانە تەنها و تەنها بۆ کات بردنە سەر. ئەو کاتەی رووبارەکان لافاو دەکەن و هەموو شت دەکەن بە ژێرەوە !!؟ بۆیە رەخنەگری هاوچەرخ (ریچارد لیۆنارد) دەڵێت (ئەم سەمفۆنیایە مەزنترین سەمفۆنیایە کە دەستی مرۆڤ نووسیویەتیەوە) .

## بانگهێشتێك بۆ (ئاسوودەیی مرۆڤ) لە سەمفۆنیای نۆیەم دا:

کاتێك شاعیری ئەڵمانی (فردریك شیلر) لە ساڵی 1785 قەسیدەیەکی بە ناوی (بەسەر بەستی) نووسیبوو کە لە ژێر کاریگەرێتی شۆڕشی فەرانسە نووسیبووی بەڵام باری تایبەتی وڵاتەکەی ناونیشانەکەی پیٚ گۆڕی بوو بە (بانگهێشت بۆ ئاسوودەیی) بۆیە بە بیری دا کە لەم سەمفۆنیایەدا کە دەنگی مرۆڤ ئاوێتەی ئەم کارە بکات کە تایبەتە بە شێوازی سێهەمی بیتهۆڤن کە لە هەموو کۆتەکانی کلاسیك دەرباز دەبێت جلەو بۆ ئەفراندنی خۆی شل دەکات کە لە پەیژەی (D MINOR) رێ مایێزم کە سروودی ئاسوودەیی هەموو جووڵەی چوارەم داگیر دەکات کە کۆراڵ دەیڵێتەوە.

## جووڵەی یەکەم خێرا و بە راشکاوییەوە
## Allegro ma non Troppo

دەربڕینی قەدەر و سیستەمی ئەبەدی بوونی بەرجستە دەکات و هەڵوێستی رامانی مرۆڤی دەربارەی بیتهۆڤێنیش شۆڕشگێری خۆی بەرامبەری دەردەخات مۆسیقا.. ئەوە دەگەیەنێت کە بانگهێشتی مرۆڤ بکات بەرەو دەرباز بوون لە ئازار و نەهامەتیەکان رقی پیرۆزیش ئاراستەی زەوت کەرانی ئازادی و مرۆڤایەتی دەکات.

ئەم جووڵەیە لە هەستی بەرینی بیتهۆڤێنەوە ئاوازی سەرەکی پێك دێت کە ژێی هەستمان دەژەنێت و تێکەڵ نێرە دەنگی کونتترباسەکان دەبێت و لە چارەنووس دەدەنن و دەسەڵاتی چارەنووس بەرامبەر حەسرەتی ئەو مرۆڤەی کە عەوداڵی نەهێنییەکانی دڵەڕاوکێیەتی. نەغرۆ لە ناو خەمەسەر مەدیەکاندا. هێور بوونەوە بۆ ساتەوەختێك کە گوێبیست دەخاتە بێ دەنگیەکەوە کە لە قووڵای دەروونەوە سەرچاوە وەردەگرێ دەیخاتە ناو بۆتەی بیرکردنەوەیەکی

بێ بن و نادیار _ پاش کەمێك چەند ئاوازێك دەڕژێنە ناوە بە هێزێكیوە كە نازانێت لە كوێوەیە بوونی خۆی رادەكێشێت بۆ خۆی بەلام ئازارەكان و خەمان هەمیشە هیوایەكی بالادەست لە شێوەیەكی جواندا هەمیشە دەچرپێنێت بە گوێی دا. ئەمانە هەر ئامێری پیۆلا و چەلۆ بەرجستەی دەكات هەروەها ئاوازێكی دی هەیە لە هەمان جووڵەدا كە ئاسوودەیی دەبەخشێت كە سەمفۆنیاكە بەرەوە رووی دەڕوات. وادەزانی كە لە ئاسماندا باریوە و لە گەڵ ئاوازی سەرەكی دا نەش و نەما دەكات كە گوێگر وادەزانێت بەرەو دوا دەچێنن. بەلام نە _ بالا دەبێت و بالا_

(جووڵەی دووهەم : زۆر خێرا MOLTO VIVACE

پێداگرتن لەسەر جووڵەی یەكەم و بیرۆكەی دەروون دێتە جۆش و ئاوازەكان تێكەڵ بە قوولایی دەبن بۆ ئەوەی خۆی لە دەرباز بوونی مرۆڤ لە ئاواز و پاكبوونەوە لە گوناح. ئەو (سكیرزو)یە لەم جووڵەدا جوانترین شێوازی بیتهۆڤێنیە كاتێك ئاوازە نركەدارەكان ئاوازی سەرەكی راودەنێ و رێگا بۆ ئاوازێكی سەرەكی دی خۆش دەكات سۆز دابەش دەكەن لە هارمۆنیەكی گونجاودا سەما پێكەوە دەكەن _ بە هیوایەكە و كە لە ناوی دا هەست بە ئازارەكانی گیان كە دۆش داماون بەرامبەر چارەنووسی نادیار كە بەردەوامە لە كوتاندنی تیمپاییەكان هەوڵی ورد و خاش بوون دەدات _ داوا لە هێزی تاریكی دەكات كە خۆی بسەپێنێت _ پاش كەمێك فوارەی چەند ئاوازێكی جوان _ جوان دەمانگوشێت وا لە مرۆڤ دەكات سەما بكات و كاژی تاڵی و مەینەت فرێ دات هیواكان _ تروسكاییان دیارە _ لە دوور_ لە ئاسۆیەكی نادیارەوە.

كاتێك بێ دەنگی دەما نخڵەتێنێت كوتەكان شێتانە دەكەوتن و مل كەجمان دەكەن، ئاوازێكی خورەدار دێت و جارێكی دیش هیوا دەبەخشنەوە و چاوەڕێی مەسیحێك دەكەین _ تا رزگاركەر بێت.

جووڵەی سێهەم (خاو بە سۆزەوە ADAGIO MOLTO :ECACANTBILE

لەم جووڵەدا دوو ئاوازمان پێشکەش دەکەن یەکەمیان جوانترین و قووڵترین ئاوازەکانی کە گوێبیست دەخاتە دڵەراوکێ یەکی خەمناکەوە . ئاوازەکان بە خاوی دێنە دەر وەك ئەوەی بێ دەنگی بێننە گوێ. ئازار دێتە ناخمانەوە بە نەرمی. پاش ئەوە کۆکردنەوەیەکی گرانی مۆسیقا. هەروەك ئەوەی هەموو گەنجینەکانی مرۆڤی لە گریان. توانەوەی رۆح _ مەلاس دابێت.

ئەو لە خۆگرتنەی ئەم جووڵەیە مرۆڤ دەگرێتە خۆ هەموو مادییەکانی هەست دەمرێنێت. هەرچی لە ناخدایە دێتە زمان لەگەڵی دا ئازارێکی خۆش و تامەزرۆ کە وردترین خانەی ئاواز پەخشی دەکات. کە ئاواتە خوازە هەر لە دەریای خەمی بلیمەتانەی خۆیدا مەلە بکات و ورد وخاش بێت بۆ ئەوەی نەهێنیەکانی ئەو دونیا سیحراویەی بۆ بدۆزێتەوە. هێندە نابات کەمانەکان و ئامێرە بۆقیەکان هێدی هێدی مت دەبن و لە ناکاودا تەوژمی کۆنتر باسەکان بە خوڕ دێن... هەڵدەکشێن و هەڵدەکشێن. ئۆرکستراش مژدەی رۆژانی چاوەڕوانکراو دەدەن بە بەشی مەینەتەکان لە هیوایەکدا خنجیلەیە _ نەرمە _ بەخەونە_ و ترووسکاییەك دەبەخشێ.

## جووڵەی چوارەم (زۆر خێرا)

بە بانگهێشتێك بیتهۆڤن رێگایەکمان بۆ خۆش دەکا لەم جووڵەدا بەوەی کە داوا لە هەموو بەشمەینەتان دەکات بۆ تەڤینەوەی شۆڕشیان لە چوارچێوەی ئاوزی سەرەکی دا ئۆرکسترا دێنێتە گۆ بۆ بەرجستە کردنی سروودی ئەفسووناوی داهاتوو. مۆسیقا گیانی جۆش دان بەرز دەکاتەوە و پاشان نەغرۆ دەبێت لە بێدەنگیەکی نادیار. ناخایەنێ دەگەڕێتەوە و لەگەڵ خۆیدا مژدەی ئاسوودەیی ژیان دەگەیەنێت بە هەمووانی دەبەخشێت و هەیڕژێنێتە ناو هەموو دڵەکانەوە.

مۆسیقای سرود کە هێشتا نادیارە لە مەودای نێوان هیوای چاوەڕوان کراو لە هاژەیەکی بە خوڕ کە ئۆرکسترا بەرجستەی دەکات جگە لە ئامێرە ژێدارەکان پاشان هەموو ئاوازەکان یەکانگیر دەبن لە هەر سێ جووڵەی پێشوو دا هەموو ئامێرە ژێدارەکانیش بەردەوام بەرنگار دەبن بەلام

ئامێره فوودارەکان ڕێچکە دەشکێنن بۆ ڕێگا خۆش کردن بۆ قەسیدەی شلێر بە شاگەشکەی ئاسوودەیی مژدە بەخش . ئۆرکسترایش داواخوازە کە نرکەی ببرێت بەڵام دەنگی باریتونی کۆرال بە ئاشکرا دەڵێت:

ئەی هاوڕێیان _ ئەی هەڤاڵان

ئەم دەنگانە ئەبەدی نیە

با گۆرانی بڵێین گۆرانی خوشنودی

تۆ هەرگیز نەمریت ئەی خوشنودی

ڕۆمان ڕۆلان بەم شێوەیە لە ساتە نەچرەکەی دەسپێکردنی خوشنودی دەدوێت (لەو کاتەی کە خوشنودی لە سەمفۆنیاکە خۆی جڵەوکێش دەکات ئۆرکسترا لە پڕ لە ژەنین دکەوێت)

بێ دەنگیەکی سەیەر باڵی دمکێشێ بەسەر دا

کە سرودەکە تایبەمەندییەکی یەزدانی تێدایە بەرجستە دەبێت. سەیرەو زۆر سەیرە _ لەوکاتەدا گومان لە هەموو شت دەکەیت _ تەنانەت لە هێزی یەزدانیش .

لەوکاتەدا ئاسودەیی باڵ دەکێشێت و ئازارەکان دەسڕێتەوە لەو ساتانەدا هەست بە گریان دەکەیت گریانی نشئە و خۆش.

لەوساتانە خۆشەویستی سەر هەڵئەدات خۆشەویستیەکی ئەبەدی مرۆڤ بۆ سروشت بۆ شتە جوانەکان بۆ لابردنی هەموو دڵەڕاوکێکان بۆ دەرباز بوون لە نامۆ بوون ئەو نامۆبوونەی کە ئاین و نەتەوە و دەسەڵات و خێزان و کۆمەڵی فرەچین وەدی هێناوە و هەر خۆشیان خۆیان بەرەو نەمان دەبەن. لە ململانێیەکی سەختی مێژوویی دا.

ئەمە بیتهۆڤنە شای بلیمەتەکانی ئەفراندن دەڵێت کاتێك ئەم سەمفۆنیایە بۆ یەکەم جار پێشکەش کرا. بۆ ماوەی یەك کاتژمێر و نیو بێ دەنگیەکی پڕ مانا هێندەی مانای سەمفۆنیاکە باڵی بەسەر هۆڵدا کێشا. پاشان چەپڵە ڕێزان و دەستخۆشی شای داهێنەرانیش ئاگای لەم کەین و بەینە نەبوو بەڵام ئەم نە چەپڵە ڕێزان نە دەستخۆشی لە شوێنی خۆی چەق وەستا بوو _ هەموو بانگهێشتەکانی خەڵکی ڤیەنای لای میوان بوو–ە جگە لەوەی کە رابەری ئۆرکسترا بە ناوی (ئەمیلۆف) ئاگاداری کردەوە لەوکاتەدا تەنانەت گوێی لە چەپڵە ڕێزان _ ڕەشبەڵەك

ـیە ئەو کەسانە نەبوو کە هەردەم خۆشەویستی بوون گوێی لە جوتیاران نەبوو کە گۆرانی بۆ دەگوتن ـ لەو کاتەدا پڕ بە گەرووی گریا و گریا و فرمێسکی رشت ـ بووە روبار و لەو کاتەدا زێدەتر بوو لە مرۆڤ لەو کاتە و ساتە وەختانەدا خودای ئاسوودەیی هەموو مرۆڤایەتی بوو.

## جووڵەی چوارەم :

لە شیعری فردریك شیلر:

ئەی هاوڕێیان ئەی هەڤاڵان

ئەم دەنگانە ئەبەدی نین

با گۆرانی برایی بڵێینەوە ـ گۆرانی خوشنودی

دەبا نەمر بیت ئەتۆ ئەی خوشنودی

ئەی خوشنودی ئەی کانیاوی رووناکی ئەبەدی

ئەی جگەرگۆشەی فیردەوس

ئێمە لە رووناکی دەپاڕێنەوە تا بگەینە لات

بۆ لای گیانی پیرۆزت

بە رووناکی دڵڕفێنی تۆ.... مرۆڤایەتی سەرفراز دەبێت

لە کۆتەکانی....

لەو کاتەدا شاباڵ دەگرێت

مرۆڤ هەمووی برای یەکە

تۆ ئەی جێگای شانازی

تۆ کە هاوڕێی بەوەفای خۆت هەیە

تۆ ئەوەی کە دڵی ئافرەتێکت راکێشاوە

لێ بگەڕێ با نەمرت کەین

ئەوەی دڵ ناوا

با لە ئەشکەوتی تاریکی دا بێت

**بە تەنها**
**ئاسوودەیی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە**
**هەموو کۆن و قوژبنێکی جیهان**
**_ هەتا دوایی_**

**سەرچاوەکان:**


1- نزعات انسانیه فی موسیقی بیتهۆفن. ( غانم الدباغ / بغداد 1979 )
2- الموسیقی العالمیه : د : گارق حسون فرید بغداد 1989 .
3- تاریخ الحیاه الموسیقیه / مێکفی کامل الێراف ( دار الیقچه العربیه للتالیف و النشر السوریه _ دمشق ) .
4- دعوه الی الموسیقی : یوسف السیس .



**گۆڤاری شاکار** (ژمارە 1)
**بەفرانباری** 1990
**لاپەڕەی** 25**بۆ** 28